# حەمەسەعید (سەححاف)، Swedish PEN ی لێ بووە بە یانەی قەڵەم!

سیروان عەلی

شایانی خۆیەتی ئەگەر نازناوی حەمەسەعید حەسەن بنرێت بە سەححافی کورد. هەر وەکوو خۆی لە یەکێک لە نووسینەکانی بەناوی (قەڵەمێکی سەرکێش)دا نووسیویەتی: «. . . هەموو دنیا دژم بێت، من هەر لە سەر بەزمی خۆمم و هەر ئەوە دەنووسم کە خۆم دەمەوێت. ئەگەر کەسێکیش لە دڵسۆزییەوە خوازیارە واز لەو جۆرە نووسینانە بهێنم، ئەوا با قسەی خۆی لە گابەرد نەدا. . . » بەم وشانەی خۆی بۆ هەمووان سەڵماندوویەتی، کە ئەمیش وەک (محەممەد سەعید سەححاف) وەزیری راگەیاندنی رژێمی سەددام هەر لەسەر قسەی خۆیەتی و ناگۆردرێت.

لە ٢٠٠٤/٢/١١ لە سەر ماڵپەرەی کوردستان نێت و دواتریش لە سەر ماڵپەرەی دەنگەکان بابەتێک لە نووسینی حەمەسەعید، بە ناونیشانی (شیعر و ئایدۆلۆژیا) بڵاوکرایەوە. لەو نووسینەیەدا، ئاماژە بۆ ژمارەیەکی زۆر سەرچاوە کراوە، سەرچاوە و پەراوێز تێکەڵ کردووە بۆ ئەوەی، ژمارەیان زۆربێت، بۆ ئەوەی وای پیشان بدات کە نووسینەکەی پشتقایمە بە ژمارەیەکی زۆر نووسراوە و سەرچاوەی تر و لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بابەتی بچێت. هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی خستۆتە گەڕ بۆ گەڕان بە دوای وشە و ناو ڕیزکردن. ناوەڕۆکی نووسینەکە پڕە لە هێرشکردن بۆ سەر شێرکۆ بێکەس، ئەندامانی یەکێتی و یەکێتی وەکوو ڕێکخراو، درۆنان بەدەم خەڵکەوە و تۆمەتی دزی و پیاوکوشتنی خستۆتە پاڵ هەموو ئەو ئەندامانەی یەکێتی، کە ناویان لە نووسینەکەیدا هاتووە.

ناوبراو لە بابەتەکەیدا بە ڕەوای دەزانێت،کە بەو شێوەیە هێرش بکاتە سەر خودی شێرکو بێکەس. نووسینەکەی، لەبەر ڕۆشنایی، ناکرێت باسی بەرهەمێک بکرێت و چاو لە خودی نووسەرەکەی بپۆشرێت نووسیوە.

شێوازی نووسینەکانی حەمەسەعید (سەححاف)، شاراوە نییە بۆ کەس، پڕە لە هێرشکردنە سەر شێرکو بێکەس و ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی، بۆیە زۆر سەیر نییە، ئەم نووسینەشی لەم کاتەدا ببینین، کە ئەزانین، چەند خەریکی ماستاو کردنە بۆ پارتی، لە پێناوی پڕکردنی گیرفان و ئەو دووسەد مەترە زەوییەی شاری هەولێر.

ماوەیەکە، هاوکاری نێوان پاراستنی پارتی و حەمەسەعید زۆر ئاشکرایە. ناردنی هەندێک نامە و زانیاری، لەلایەن پاراستنەوە بۆ ئەم و بڵاوکردنەوەی هەندێک بابەتی ئەم لە ڕۆژنامەکانی پارتی، شایەتن بۆ هاوکارییەکەیان. (کوردستان تی ڤی)یش ناوبەناو تەلەفۆن بۆ شاعیر گەورە کورد دەکەن. هەردوولایان، لەبەر ڕۆشنایی (دوژمنی دوژمنم دۆستمە) ئیش دەکەن.

حەمەسەعید (سەححاف)، کە لە ڕیزەکانی پارتی کۆمونیستی عیراق دەبێت، ئەوان لەگەڵ بەعس دا لە بەرەیەکدا بوون. کە سەربازی هەڵاتوو بوو، چووە ناو یەکێتی نیشتمانی، لەو کاتەی کە گفتوگۆیان هەبوو لەگەڵ بەعس و شەڕ ڕاگیرا بوو، بەڵام خۆی شانازی پێوە دەکات و دەنووسێت: «چووەمە شاخ»، ئەگەر یەکێک نەیناسێت، لەوانەیە وا تێبگات، (خولەپیزە) چۆوەتەوە شاخ. پاش ڕۆژە ڕەشەکەی ٣١ ئابی ١٩٩٦ ، کە پارتی لەگەڵ بەعس دا هەولێریان گرت و ئاڵای کوردستانیان لەسەر پەرلەمان هێنایە خوارەوە، ئەم نووسینەکانی زەرد بوو بە (قودرەتی خودا)و ئەگەشایەوە. لە هەمان کاتدا، لایەنی ئیسلامییە تێرورستەکانی (ئەنسار الاسلام) دەگرێت لە دژی یەکێتی نیشتمانی، چوونکە ئەمان ئێستا لەگەڵ کۆنە بەعسییەکاندا هاوکارن. بەعس وشەیەکی هاوبەشە لە نێوان ئەو حاڵەتانەدا. هەر لایەنێک لەگەڵ ڕژێمی بەعسی دا بووبێت، حەمەسەعید لەگەڵدایە و باشتریشە، ئەگەر ئەو لایەنە دژی یەکێتیش بێت. باشتر کە ناوبراو ئیسلامییەکی توندڕەویش نییە، دەنا جامانەیەکی سووری لەسەر ئەکرد. قایشێکی تی ئێن تی لە خۆی دەبەست، لەبەر دەرگای ماڵی شێرکو بێکەس یان بارەگایەکی یەکێتی، خۆی دەتەقاندەوە.

نووسەری (شیعر و ئایدۆلۆژیا)، بابەتەکەی پڕکردووەتەوە بە ئەم (وتی و ئەو وتی) و پەلاماری کۆمەڵەیەکی سویدیش دەدات، بۆ شێواندنی ڕاستی، هانا دەباتە بەر هەندێک ناو و (تێرم) کە خۆی نازانێت مانای چییە. لە لاپەڕەی یەک، بڕگەی دووی، نووسیویەتی «...دەکەوێتە خانەی (Hets mot folk grupp)». خۆبەڕەخنەگرزان لێرەدا وەکووخۆی نووسیویەتیەوە و دیاریی نەکردووە بە چ زمانێک وای پێدەڵێن. لە ئەورووپا چەندان زمان هەیە، ئەگەر ئەوە زمانی سویدییە؟ تۆبڵێی هەموو کوردێک زمانی سویدیش بزانێت، ئەو زمانەی کە حەمەسەعید خۆی بە بیست ساڵ فێری نەبووە. دەبوایە بە زمانێکی باوتر یان دەستنیشانی زمانەکەی بکردبایە.

دواتر دەنووسێت، «... ساڵانە یارمەتی توخۆلسکی، بە نووسەرێکی بێدەرامەتی لە زێدی خۆ ڕاونراو دەدەن.». ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ساڵانە خەڵاتی توخۆلسکی، نەک هەر تەنها (یارمەتی)، بەنووسەرێکی لێهاتوو، کەهەڕەشەی کوشتنی لێکرابێت لەسەر نووسینەکانی وە لە زێدی خۆی ڕاونراوبێت، دەدرێت [1]. لێرەدا دەبینین وشەی بێدەرامەت تێدانییە، حەمەسەعید، ئەم وشەی بۆ مەبەستی خۆی پێوەلکاندووە، لەوانەیە بۆ کەمکردنەوەی بەهای خەڵاتەکە بێت. زۆریش لە مێژ نییە ئەم خەڵاتە دەدرێت، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٥ بەخشێنراوە، وە لەم ساڵانەی دووایەشدا، نووسەران (سەلمان روشدی، تەسلیمە نەسرین و سەلیم بەرەکات)یش خەڵاتی (توخۆلسکی)یان وەرگرتووە، پێناچێت کەسیان بێدەرامەت بووبن، لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتەکە. لەهەمان پەرەگرافدا دەنووسێت: «یانەی قەلەم بەم کارە...»، لێرەدا دەبینین کە حەمەسەعید زانین و شارەزایی خۆی لە زمانی سویدی و کوردی دەر دەخات کە چەند لێزانە، لەبەرئەوەی کە Swedish PEN بە مانای (یانەی قەلەم) نایەت بەڵکوو PEN کورتکراوەی چەندان وشەیە (P بۆ Playwrights و Poets؛ E بۆ Editors و Essayists؛ N بۆ Novelists) کۆکراوەی یەکەم پیتی ئەمانە بۆوەتە (PEN). زۆربەی میللەتانی دونیا (PEN)ی خۆیان هەیە، بگرە نووسەرانی کوردیش، کۆمەڵەیەکی PEN کوردییان دامەزراندووە. سەححافی کورد لە بەر ئەوەی بە تەنها «دەخشێت»، ئاگای نە لەکۆمەڵەی پێنی کوردی، سویدی یان نێونەتەوەییە و نەئەشزانێت مانای چییە. بۆیە (PEN)ی لێبووە بە قەڵەم و تۆمەتێکی وەپاڵ خستوون و درۆییکی بۆ هەڵبەستوون، کەگوایە بە چاوبەستی عمرشێخمووس، ساڵی ١٩٨٧

خەڵاتەکە بە شێرکۆ بێکەس بەخشیوە. ئەگەر (PEN) بەمانای «قەڵەم»یش بووایە ئەوا هەر نەدەبوو وشەی قەڵەم بەکاربهێنییێت، چوونکە عەرەبییە و ناوی کۆمەڵەیەکیشە، بۆیە نابێت وەربگێردرێت. لە کۆتایی پەرەگرافەکەدا ئاماژەی بۆ ڕیزی سەرچاوەی ژمارە (٣)ی کردووە، ناوی کتێبەکەی بە هەڵە نووسیوەتەوە. (گریسهۆڵم سلۆتن)، ناوی ڕۆمانێکە، کە کورت توخۆلسکی لە ساڵی ١٩٣١ نووسیویەتی، وە لەساڵی ١٩٥٧ چاپکراوە و جارێکی تر لە ساڵی ١٩٧٥ چاپکراوەتەوە. لێرەدا دەبینین، حەمەسەعید دەیەوێت درۆکانی خۆی تێکەڵ بە قسەی نووسەرێکی تر بکات، ئەگینا ناوەڕۆکی ئەو برگەیە، بەهیچ شێوەیەک پەیوەندییەکی بەو کتێبەوە نییە.

ئەم سەیر و سەمەرانەی خووارەوەش لە نووسینەکەیدا هاتوون.

- لاپەڕەی دوو، پەرەگرافی یەک،(...شێرکۆ وەک شاعرێکی ئێندۆگام). ئێندۆگام، ئەو کەسەیە کە هاوسەرەکەی خزمی خۆی بێت. دیارە تەنها مەبەستی نووسەر، بەکارهێنانی وشەیەکی لاتینییە.
- لاپەڕەی سێ، پەرەگرافی دووی، ناوی عەلی عەسکەری، سەید کەریم و مامەڕیشە هاتوون. لە پەراوێزەکاندا، ڕوونکردنەوەیەکی دەربارەی ئەو شەهیدانە نووسیوە. کەسێکی ڕەوشتبەرز، ئەو مافە ناداتە خۆی، بەو شێوەیە، هێرش بکاتە سەر هیچ شەهیدێک. دەبێت بکوژانی ئەو شەهیدانە، لای حەمەسەعید سەححاف، پیاوچاک بن.
- (فارابی دەڵێت: ئەوەی لەناو ئامێرێکدا بێت...). دەستنیشانی سەرچاوەی نەکردووە. پێدەچێت لە قاوەخانەی (القدس العربی)، ئەو قسەی کردبێت. لەهەمان پەرەگرافدا ئاماژەی بۆ ڕیزی سەرچاوەی ژمارە ١٤ کردووە کە هیچ پەیوەندیی بە شیعر و شێرکۆوە نییە.
- لاپەڕەی چووار، (وەک باختین و تودۆروف)یش نکووڵی لێ ناکەن...)، لە کوێوە ئەم ڕستەیەی وەرگرتووە؟ دیار نییە.
- ئینگلس دەڵێت ( خوای تاک و تەنیا، بە بێ...)، ئاماژەی بۆ ڕیزی سەرچاوەی ژمارە ٢١ی کردووە. سەیر ئەوەیە کە ئەم سەرچاوەیە نووسینێکی (ڕەشاد میران)ە. دەبوایە ئاماژە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکەی کردبایە، لە چ کتێبێکیی ئینگلس ئەو ڕستەیە هاتووە، نەک بۆ ڕەشاد میران. ئەگەرچی خۆی، بە کۆنەکۆمونیست دەزانیت، بەڵام پێناچیت بزانێت سەرچاوەکەی دیاری بکات. بەڵام ناوی کتێبەکەی (مێشیل عەفلەق) دەزانێت.
- لاپەڕەی شەش، پەرەگرافی دوو، ئاماژە بۆ سەرچاوەی ژمارە سێزدە کراو ە، لەدووای سی، سیویەک دێت نەک سێزدە.
- لاپەڕەی حەوت تەرخان کراوە بۆ ناوزڕاندن. بە پێ خەیاڵی خوی، هەندێ ڕووداوی دارشتووە و بوختانی بۆ ئەندامانی یەکێتی دروستکردووە . لە هەمان لاپەڕەدا خۆی درۆکانی خۆی دەردەخات. لەسەرەتای لاپەڕەکەدا دەنووسێت: «بە دەستی...» لە ناوەڕاستی لاپەڕەکەدا دەنووسێت: «... بە سەرپەرەشتی...»، بە دەست و بە سەرپەرەشتی دوو مانای جیاوازیان هەیە. سەححافی کورد، کە وەڵامی دادگای هەولێر دەداتەوە، دەنووسێت: «...منیش لە یاسا تەنیا ئەوە دەزانم، بڵێم: (گومانلێکراو تا گوناهێکی بەسەردا ساغ نەبێتەوە، بێتاوەنە)». بانێک و دوو هەوا، بۆ خۆی بێتاوانە، هەتا دادگایی دەکرێت، بەڵام خەڵکی کوناهبارە، ئەگەرچی دادگایی نەکراوە. دەبێت لەیاسا، هێشتا فێری ئەوەش نەبووبێت، کە بوختاننووسی و ئازادی نووسین یەک نییە.
- لە بەشی خوارەوەی هەمان لاپەڕە شێوازێکی (علوج) یانە بە کار هێناوە، لەگێڕانەوەی باسی عیراقچی (مامەخولە)، حەمەسەعید سەححاف، لەبەر ڕۆشنایی «درۆ بکە و درۆ بکە، وای پیشان بدە کە خۆت برِوای پێدەکەیت» ئیش دەکات. درۆکانی خۆی دژ بە یەکێتی و ئەندامانی دەنووسێتەوە، دوایی لە نووسینێکی تردا ئاماژە بۆ درۆکانی خۆی دەکاتەوە، وەک سەرچاوە.
- لە کاتی شەڕی ناوخۆدا، پیاوانی پارتی، لەبڵاوکراوەیەکیاندا، درۆیێکیان خستە سەر زمانی رادیۆی (بی بی سی) یەوە. بۆ یەکەم جار بە ناوی (کۆمەڵەی کادرانی سەربەخۆ)وە بڵاوویان کردەوە، عاسی ڕەباتی، لە نامەیەکدا دووبارەی دەکاتەوە، حەمەسەعید، ئاماژەی بۆ دەکات وەک سەرچاوە. ئەگەر خۆی برِوای پێیە، ئەی بۆچی ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ ڕادیوی (بی بی سی) ناکات. پڕۆپاگەندەکەی پارتی، باس لە نزیکەی «پەنجا ملیۆن» دەکات، بەڵام ئەم خاتری خوێنەری گرتووە و پارەکەی کەمکردۆتەوە بۆ «چەندان ملیۆن»،کە ڕەنگە جێگەی باوەر بێت. چەندان ملیۆنیش، پارەیەکی خەیاڵی نییە. تۆ بڵێی بە تەنها پارتی گوێی لەو پرۆگرامە بووبێت کە نییە، ئەمەش (فی الوقت العازر) لە تەزویرەکەی (باسەڕە)، دەچێت. حەمەسەعید ئاشکراشی نەکردووە، ئەو پارەیە لە چ بانقێکە؟ لە کوردستانە یان لە دەرەوە؟. ئەو *سەد و چل و سێ* هەزار دینارەی کە شێرکۆ بێکەس وەریکرتبوو لە کۆسرەت ڕەسووڵ، دیناری "سویسری" یان "چاپ"ەکە بوو.

سەرجەم شێوەی نووسینی سەرچاوەکان، هەڵەیە تەنها یەک دانەی نەبێت. ئاماژەکردن و شێوازی نووسینی سەرچاوە، یاسای خۆی هەیە، بەراوردیان بکەن بزانن دوو دانەیان بە هەمان شێوە نووسراوەتەوە. ئەمانە بەشێکن لەو سەیرو سەمەرانە، کە (سەححاف)ی کورد نووسیویەتی و زۆر شتی تریش هەن کە دەستنیشانم نەکردوون.

لە (قەڵەمێکی سەرکێش)دا نووسیویەتی: «... خۆم زۆر چاک دەزانم، چی دەنووسم و چی نانووسم. هەموو وشەیەک بەوپەڕی وریاییەوە هەڵدەبژێرم و دەزانم لەبەرچی لە فڵان ڕستەدا، فڵان وشەی دیاریکراو بەکاردەهێنم و پەنا بۆ هاوواتایەکەی نابەم...» دەبێت مەبەستی شاعیر، ساتیرنووس، وەرگێری گەورە (بەتەمەن)ی ی کورد، چی بێت لەهەڵبژاردنی «یانەی قەڵەم» بۆ «Swedish PEN»؟. لێنەزانینە یان فێڵکردنە، دوو ڕوخساری یەک خۆبەنووسەرزانی ڕەنگزەردی ڕاستنەبێژە.

2004/04/09

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە ئەم ماڵپەڕەی www.pensweden.org کە بەزمانی سویدی و ئینگلیزییە.